
www.kurdistannet.org
22-1-2003 1:14

# کردنەوەی بەشی مێژووی ئێوارانی زانکۆی سەلاحەدین... دەسکەوتێکی نیشتمانی گەورەیە...!!!؟

کامەران مەنتك – هەولێر



زانکۆ شوێنێکی پیرۆزە...مامۆستای زانکۆش مرۆڤێکی دانسقەو دەگمەنە. . . هەرگیز بیر لە پارەو پوول و سەروەت و سامان ناکاتەوە. دەروێشانە ڕێگای‌لا زانست و زانستچیەتی گرتۆتە بەر. شەو بە دیار کتێبەوە رۆژ دەکاتەوە. بە خیانەتی دەزانێ ئەگەر جارێك وانەیەکی گوتەو، ساڵانی تر بە هەمان وێنەو بە هەمان شێواز وانەکە بڵێتەوە. دوژمنی مەلزەمەی گەچڵاو کۆنە. بۆیە کە دەچێتە وانەکانیش زانستی لێ دەبارێت. لەگەڵ قوتابیەکانی وەك دوو هاوڕێی زانستی رەفتار دەکات. رقی لە پەیوەندی پۆلیسی و سەربازیانەیە. بە تەواوی هەست بە ئەرکی نیشتمانی خۆی دەکات !خۆی بە بەرپرس دەزانێ بەرامبەر ئەو قۆناغەی تیایدا دەژیت.

جێگای خۆشحاڵیە ئەو رەفتارانە لە بەشێکی هەرە زۆری مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین بەدی دەکرێت !!تەنیا لە بەشیکی کەمیاندا نەبێت، ئەویش سوپاس بۆ خوا بە هۆی ئیدارەی لێهاتووی زانکۆ کەمینەن و ئەوانیش پشت گوێ و لاتەریك کراون...

بۆ زیاتر خزموت کردنیش جێگای خۆشحاڵیە کە بەردەوام هەوڵ دەدەن لە پێناو زیاتر خزمەت کردنی ئەم ولاتە...بەشی ئێوارانیش بکەنەوە. نەك خوا نەخواستە بۆ پارەی محازەراتیان بێت، چونکە هەندێك لەو مامۆستا بەرێزانە، بەتایبەتیش ئەوانەی کە خاوەن هەڵوێستی نیشتوانی خۆیانن و نابنە پیاوی کەس و حیزبایەتی تەسك ناکەن و رێزی ئاستی زانستی خۆیان دەگرن، لە پاڵ ئەمەشدا کوردبوونی خۆیان لە سەرەوەی هەموو شتێکدا دادەنین !لە کاتی دەست بە تاڵیاندا، کە زۆر دەگمەن دەستیان بەتاڵ دەبێت، چونکە لە بەر نەبوونی مرۆڤی دڵسۆز، ئەو فەقیرانە زۆربەیان لە زانکۆ چوار پێنج وەزیفە بەرێوە دەبەن.

بۆیە ئێواران باشتر دەپڕژێنە سەر ئەوەی کە بتوانن کۆمەڵێکی تر لە گەنجان و قوتابیانی کورد بە گیانی زانست و نەتەوایەتیەوە پەروەردە بکەن.

ئەم ڕاستەقینانەی باسمان کرد لە بەشی مێژووی کۆلیژی ئەدەبیاتدا زۆر زەق و بەرچاوە. بۆیە لەبەر دلسۆزی سەرۆکی بەشەکە بەتایبەتی، تا ئێستا زۆر داهێنانی گەورە گەورە ئەنجام دراوەوبە لە خۆبوردوییەوە، راشیان نەگەیاندوە، چونکە مەبەستی ئەوان تەنیا خزمەت کردنەو بەس !!! نایانەوێ کەس بە شان و باڵیان هەڵبداو باسی ئاستی بەرزی زانستانەیان بکات. زۆر لە مێژە لەو شتە روکەش و دنیاییانە بووینەوە. تاکە شت کە بەڕاستی دەزانن خزمەت کردنی مێژووی مرۆڤایەتیە. بۆیە ئەو بە هێزو بە پێزانەی تا ئێستا لەم بەشەدا نووسراونەتەوە، بەر لە دڵسۆزان، بۆتە جێگای پەسند کردن و ستایشی دوژمنانی کورد !!! ناڵێم کتێبخانەی کوردیان زززززززۆر دەوڵەمەند کردوە ن چونکە ئێستا سەردەمی جیهانگەراییەو باوی کوردایەتی زۆر نەماوە ... بەڵکو بە تەوازوعەوە ڕێچکەی باب و باپیرانی خۆیان نەشکاندوەو خزمەتێکی گەورەی مێژووی عەرەب و نیشتمانی عەرەبیان کردوە ! ئەگەر هەر جۆرە تێکەڵی و پێکەڵي و لەنگی و کەم و کوڕیەکیشیان خستبێتە ئەو مێژوانەشەوە، ئەوا خوانەخواستە لەبەر نزمی و نەبوونی ئاستی زانستی نیە !؟ بەڵکو لەبەر ئەوەیە تەواوی و کەمال تەنیا بۆ خوای گەورەیە. بۆیە جێگای شانازی هەموو نەتەوەی کوردن. دەبێ هەموو کورد دەستیان بگوشێ و هانی بەشی مێژوو ئەنجومەنی کۆلیژی ئەدەبیات بدات بۆ بەردەوام بوون درێژەدان بە ڕەزامەندی نواندن و نووسینەوەی ئەم جۆرە نامە دانسقانە. هەروەها پێشنیار دەکەم کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرگاکان زێتر بەرووی ئەوانەدا بکاتەوە، لەمە زیاتر پشت گزێیان نەخاو بگرە لە هەمان ئەنجومەن وەزارەتێك بۆ خوێندنی بالا دامەزرێنی. بۆ ئەوەی ئەوانە چیتر بەم شێوەیە مافیان نەخورێو شەونخونی ودڵسۆزیان بە هەدەر نەچێت. هاوکات تاوەکو بتوانن دەستی داهێنانەکانیان بگەیەننە هەموو بوارەکانی تری زانست و هەموو دەڤەرێکی تری کوردستان دەڤەرێکی کوردستان ...

www.kurdistannet.org

ئەوەی راستی بێت لەو بەشەدا بیر لە هەموو شتێك كراوەتەوە، بە تەوازوعەوە دان بەو راستەقینەیە دانراوە كەوا كورد لەبەرئەوەوی گەلێكە رەگی بە مێژوودا رۆچوەو بە هەزاران ساڵە دەوڵەتە ... هەموو مێژووی خۆی بە شێوەی دێكومونت هەڵگرتوەو توێژینەوەی تێرو تەسەلی لەسەر ئەنجامداوە. بۆیە پێویست بەوە ناكات چیتر خۆیان لە قەرەی ئەم بابەتە تروهاتانە بدەن ...ئەوەی ئەم جۆرە كارانەش بكات، لە چاوی بەرزی ئەوان نزم دەبێتەوە و لە نێوەخۆیانی وەدەردەنێن. لەو بەشەدا مێژووی كوفە نوسرایەوە، ... ئەمەش جێگای دەست خۆشیە، عەرەبی فەقیر پیَراناگەن مێژووی ئەو شارە دێرینەی خۆیان بنووسنەوە. ئەی ئەگەر قوتابی كوردی دوای راپەرین نەزانێ لە بازارەكانی كوفە سیر و پاقلە فرۆشراون، چۆن دەتوانێ ئەو كۆمەڵگایە دواكەوتوە بەرەو پێش بەرێت ؟ یاخود ئەگەر نەزانێ مەكە لە سەردەمی عەباسیەكاندا چۆن بوە چۆن دەزانی شاری هەولێر دوای راپەرین بوەتە پایتەختی هەرێمی كوردستان. زۆر كاریكی پیرۆزیان ئەنجامدا كە لەسەر هیندستانیان نووسی...ئەگینا ئێستا كەس نە لە فلیمی هیندی دەگەیشت و ن ە چێژیشی لە گۆرانی هیندی وەردەگرت. یاخود ئەگەر لەسەر ئاسایشی بەغداو قاهیرە نەنوسرابوایە، ئێمە چۆن دەمانتوانی ئێسا یارمەتی دوڵەتانی دەوروبەرو دۆست و هاوسێكانمان بدەین بۆ ئەوەی سوود لە مێژووی خۆیان ورگرن و ئاسایشی خۆیان بپارێزن..یاخود چۆن دەمانزانی زیندان لای ئیسلامەكان چۆن بوو ؟؟؟

لە راستیدا ئەو نامانەو چەندین نامەی تر كە لە بەشی مێژووی كۆلیژی ئەدەبیاتدا نووسراون و پێشكەش كراون، بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرایان پێ وەرگیراوە ...جێگای فەخرو شانازین بۆ ئەو كۆلسژەو ئەم بەشە ...مێژوو بە ئاوی زێرش بۆیان دەنوسێتەوە. كە لەم رۆژگارە ئارامەی كوردستاندا...كە هیچ مەترسیەك نە لەبەر كوردو نە لەبەر ئەو ئەزموونەی كوردستاندا هەیە. توانیویانە ئەو بابەتە بە پیزو دانسقانە هەڵبژێرن و خزمەتی كوردو كوردو كوردستانی پێ بكەن. بەم هەولآنە رێگا نەدەن پارەو سامانی كوردستان بە هەدەر بچێت ز لەم بابەتانەی سەرف بكەن ...ئەگەرچی بە گوێرەی داهاتی كوردستان پارەیەكی ئەوتۆی تێ ناچێ تێزی دكتۆرا هەر تەنیا نزیكەی (١٤٠–١٥٠) هەزالا دیناری تێدەچێ ...نامەی ماستەریش (٤٠_٥٠) هەزار دیناری تێدەچێت...كە ئەم پارەیەش بەرامبەر ئابوری بەهێزی كوردستان شتێكی ئەوتۆ نیە...بە تایبەتیش ئەگەر ەوەش بزانین كە دەسەلآتی كوردی زۆلار لەمێژە هەموو ئەركە گرنگەكانی سەر شانی خۆیان جێ بە جێ كردوە. شەقامەكان لەسەر نوێترین شێوە هەمووی تەواو كراوەو خێزانی شەهیدەكان لە پاڵ ئەو خانوەی كە تیایدا نیشتەجێن، شوقەو دوكانیان دراوەتێو بۆیان بێ كرێ دراوە...باوی ئوەیان نەهێشتوە كە چیتل ر منداڵآن لە سەر ترافك لایتەكان بوەستن و شت بفرۆشن ...بە كورتی دوای ئەوەی توانیویانە برسیەتی لەم ولآتەدا لە رِگ و ریشەوە هەڵكێشن ...پاشان ئەم نووسینانە ئەگەر بخرێنە پێشسبرِكێیە نێو دەوڵتیەكانەوە، بەشێكی زۆریان رەنگە شایستەی خەلآتی نۆبلێ بن. یاخود هەر نا ئەگەر وەكو كتێب چاپ بكرێن رەنگە لە بازارِكاندا بە دەیان ملوێن ژمارەیان لێ بفرۆشێت، واتە بەقەدەر ژمارەی دانیشتوانی نیشتمانی عەرەبی خۆشەویست. كە ئەمەش لە هەردوو بارەكەدا، وەدەست هێنانی سامانێكی گەورەیە بۆ كوردستان، ئەگەرچی سوپاس بۆ خوا ئابوری كوردستان لە سایەی ئەو دڵسۆزی و دیسپلینە ئیداریەی كە لە ئارادایە قێویستی بەم جۆرە داهاتانە نیە ...وەلێ دڵنیام ئەگەر ئەو خەونە بوە راست، ئەوا ئەو مامۆستا بەرێزانە قەت ناتوانن ئەو خەلآتە بە تەنیا بخەنە گیرفانی خۆیانەوە، چونكە ئەوان پارە دوا شتی كە بیری لێ بكەنەوە، راستیش دەكەن ئەوەی مەبەستی بە تەنیا كوردایەتی و خزمەتكردنی گەلەكەی بێت هەر بەم شێوەیە بیر دەكاتەوە ...بۆیە من دڵنیام كە ئەوان ئەو خەلآتە پێشەش بە بانقی هەرێمی كوردستان دەكەن ...

سەرەڕای ئەو بابەتە زانستیانەی كە باسمان كرد، ئەوا قوتابیەكانی ئەم بەشە ( بە تایبەتی قوتابیە كورِەكان) لە پاڵ ئەو زانستە زۆرەی كە وەری دەگرن، فێری كارو بارەكانی ناوماڵیش دەكرێن. چونكە ئي!مە لەبەر باری دواكەوتەەی كۆمەڵگاكەمان و پیادە كردنی سیستەمی باوكسالاری نەیانتوانیوە فێری ئەم جۆرە كارانە بن. بۆیە لەو بەشەدا بە هۆی ئەو وانە بە پێزانەی كە دەگوترێتەوە. وتابیە كوڕەكان دەتوانن لە ماڵەوە یارمەتی دایكیان بدەن هەموو كارێكی بۆ بكەن ...قوتابیەكی ئەم بەشە لە یەكێك لە كۆرەكاندا دانی بەو راستەقینەیە ناو گوتی ئەگەر ئێستا سێڵ و پەلەمێزێكم بۆ بێنن دەتوانم نانی تیری یەك بە باوەشم دروست بكەم...بێگومان ئەمەش دەسكوتێكە لە پاڵ دەسكوتە زۆرەكانی تر ...و خزمەتێكیشە لە پاڵ خزمەتە لە بن نەهاتوەكانی تر... ئەمەش ئەوە دەردەخات كە ئەو بەشە دەیەوێ رۆلی خۆی بگێرێ لە دامەزراندنی كۆمەڵگای مەدەنیدا. كە ئەمەش وا دەكات قوتابیانی ئەم بەشە نمونەی زانای گەورەیان لێ دەرچێت لە دوارِۆژێكی نزیكداو مێژوو دەبێتە زانستێكی هەرە خۆشەویست لایان، بۆیە ئەگەر تەمەن بوار بداو جارێكی تر بتوانێ

زەمەن بگەڕێنیێتەوە دواوەو سەر لەنوێ كۆلیژەكان هەڵبژێرێ . ئەوا هەرگیز هەڵەی جاری پێشوو ناكاتەوە كە خانەكانی فۆرمەكە بە ناوی كۆلیژی تر خەسار بكات، بەڵكو لە هەموو خانەكاندا بە تەنیا هەر بەشی مێژوو ... مێژوو. . مێژوو .... . دەنووسێ. چونكە هەرگیز ناتوانن ئەو دڵسۆزی و ئەمەكداریە لە یاد بكەن كە لەم بەشەدا بەرامبەریان كراوە و بەرامبەریان دەكرێت. ئەوە ئەگەر بەگوێرەی قوتابیانی سەرەتایي زانكۆ جارێك راست بێت، ئەوا بۆ خوێندنی باڵآ هەر مەپرسە ! دەیانكەنە ئاگر ...ئەو بابەتانەی لە خوێندنی باڵآ دەگوترێتەوە. ( لەگەڵ رێزم بۆ چەند مامۆستایەكی خراپ بەم پێودانگە) ، هەر جێگای ماشاللا لێككگردن و سەڵەوات لێدانە ! دەبێ دایكان و باوكان بزانن كە رۆڵەكانیان لەو بەشەدا لە ژێچر دەستێكی راستگۆو ئەمیندا پەروەردە دوكرێن. هیچندە پڕ زانستیان دەكەن تەنانەت ناهێڵن یەك كەلێنیش بمێنێتەوە ...ئەو بۆشاییانەش پڕ دەكەنەوە كە لە پەروەردەی ماڵەوەیاندا هەیانبوە. لەو شتانەش خۆشنابن كە لە منداڵیدا بۆیان نەكراوە. بۆیە لە بابەتەكانی خوێندن باڵآدا زۆر جاران لە رێگای وانەكاندا ( ( تاتی) ) بە قوتابیەكان دەكەن ...لە كۆرسێكدا كە دەكا تەنیا ١٣ هەفتە، دوان تا سییان لاپەڕەی ئینگلیزی دەخوێنن، هەر بۆیەشە لە كاتی گفتوگۆی نامەی مایتەرو دكتۆراكاندا، داهێنانی زۆر گەورە روودەدات. لەم دواییەدا قوتابیەكی ماستەر بە شانازیەوە، لە كاتی گفتوكۆی نامە بە پێزەكەیدا، كاتێك

لێیان پرسیبوو دەیەك ( عقد) چەند ساڵە، گوتبوی هەزار...دیارە ئەمەش خۆی لە خۆیدا داهێنانێكی گەورەیەو كەم كەس هەستی پێ دەكات و دەركی پێ دەبات. گۆڕینی ژمارەی دەیەكێك بۆ هەزار ساڵ، دەبێتە هۆی درێژ كردنەوە ی تەمەنی میللەتی كورد، بۆ نمونو ئەگەر لەمەوبەر گوتومانە ن مێژووی كورد تەمەنی هەشت هەزار ساڵە، ئەوا لەمەودوا دەڵێین هەشت ملوێن ساڵە، بەو پێیەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی كەوا كورد دەستی هەبوە لە دروست كردنی گۆی زەویدا ...كە ئەمەش دەسكوتێكی نیشتمانیەو پێویستە یاسای داهێنانی بۆ دابڕێژری كە تا ئێستا لە كوردستان نیمانە ...

ئەگەر ئەم شتانە لە بواری پراكتیزەیدا راست بلێت، ئەوا لە بواری تیوریشەوە ئەگەر ریگایان لێ نەگرن و كۆسپیان بۆ دروست نەكەن – چونكە دیارە ناحەز زۆرن و چاویان بەو داهێنانە هەڵنایەت – تەنانەت بێ حورمەتی بەرامبەر پیاوە گەورەكانیش دەكەن –دوور نیە داهێنانی گەورەتر بكەن. بۆ وێنە شۆرشی پیشەسازی گیانی نەتەوەیی هێنایە ئارا، لێكدانەوەی ئابوری بوە هۆی بیرۆكەی نێونەتەوەیی ...چاوەڕوانی ئەوە دەكرێت كە بەشی مێژووی ئێوارانیش. هەمان داهێنانی گەورە بكات. چاوەڕێی ئەوەی لێ دەكرێت كە بیرۆكەی نێو هەسارەي پیادە بكات ...چونكە نووسین لەسەر خوڵكانی ئەم گۆی زەویە، لە بەشی بەیانیاندا تەواو كراوە، مێژووی مەریخ و ناو هەسارەكانی تر ماوە كە چاوەڕێ دەكرێ ئەوان تەواوی بكەن. چونكە بە راستی گیانی سەردەم و جیهانگەرایی وا دەخوازێت كە خۆمان لەو قاوغە بچووكانەی سەلر گۆی ئەم زەویە دەربكەین. بۆیە پیرۆزبایی كرانەوەی ئەم بەشە دەكەین و دەست خۆشیش لە حكومەتی هەرێم دەكەین بۆ ئەم هەنگازوە پیرۆزانە ...